# پەیوەندییەکانی ئێران و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لە ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١دا


د. ئامانج حسن احمد
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

م.ی فاروق محمد محمد ئەمین
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سەیدسادق
بەشی مێژوو


## پێشەکی

ڕوداوو پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی دوادەیەی سەدەی بیستەم لە عێراق و خراپی و پەیڕەوی کردنی سیستەمێکی حکومڕانی دیکتاتۆری و پیادەکردنی زوڵم و زۆر، باشووری کوردستانیان بەرەو قۆناغێکی نوێ و هەستیار ئاراستە کرد، بەجۆرێك هەموو ئەو هۆکارانە زەمینەیەکی لەباریان بۆ دانیشتوانی باشووری کوردستان ڕەخساند تا لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا، ڕاپەڕینێکی جەماوەری بە پشتگیری پارتە کوردستانییەکان لەدژی دام و دەزگاو دەسەڵاتدارانی حکومەتی بەعس ئەنجام بدەن و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا سەرجەم شارو شارۆچکەکانی وەك سلێمانی و هەلێرو دهۆك و کەرکوك، کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستانەوە، ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، لە هەمانکاتیشدا بەدەستکەوتێکی نەتەوەیی گرنیش ئەژمار دەکرێت بۆ گەلی کورد .

جێگەی باسە لە پاڵ هۆکارە نێوخۆیی و نێو دەوڵەتییەکان، فاکتەری هەرێمیش کاریگەری لەسەر ڕاپەڕینەکانی عێراق بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی هەبووە، بەتایبەتی ڕۆڵ و بەشداریکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕاپەڕیندا، بە پێی قۆناغە جیاوازەکان کاریگەری ئەرێنی و لە هەمانکاتیشدا نەرێنی لەسەر ڕاپەڕینەکان هەبووە. بە جۆرێك لە قۆناغی یەکەمداو لە پاڵ ڕووداو و پشێوییەکانی ناوچەکەدا، کۆماری ئیسلامی ئێران تا ڕادەیەك ڕۆڵی گرنگ و ئەرێنی لە ڕێکخستن و پێشکەشکردنی یارمەتیە سەربازی و داراییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و پارتەکانی بەرەی کوردستانیدا بینیوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتنی پشتگیری ئێران، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تەواوی ڕاپەڕینەکانی عێراق و باشووری کوردستان لێکەوتۆتەوەو بەوهۆیەشەوە سەرنج و ستراتیجی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەئاڕاستەیەکدا برد کە لەبەرژەوەندی حکومەتی عێراق بوو .

هەموو ئەو هۆکارانەو هەستیاری ئەو قۆناغەی باشووری کوردستان، هاندەرێکی سەرەکی بوون، تاکو توێژینەوەکەمان بۆ ( پەیوەندی نێوان ئێران و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١دا ) تەرخان بکەین .

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان، لە پێشەکی و دووباسی سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا هەوڵمانداوە باس لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشووری کوردستان بکەین، لە پێش ڕاپەڕیندا، تیایدا هەوڵمانداوە سەرنجێکی گشتی لەبارەی دۆخی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە ناوخاکی ئێراندا بخەینە ڕوو ،جگەلەوەش ئاماژەمان بە هەوڵەکانی حکومەتی ئێرانداوە، بۆ یەکخستن و ئامادەکردنی بەرەی

کوردستانی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق .باسی دووەمی ئەم توێژینەوەیە، بۆ پەیوەندییەکانی ئێران و سەرکردایەتی کورد تەرخانکراوە لە کاتی راپەرینەکەدا، تیایدا جەختمان کردۆتە سەر ئەو هاوکاریانەی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کراوە، لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەوەشمان خستۆتە روو کە چۆن جێپەنجەی حکومەتی ئێران لە راپەرینی باشووری عێراقدا، کاریگەری نەرێنی لەسەر تەواوی راپەرینەکە هەبووە .

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا بەچەند خاڵێك گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەروو کە لە میانەی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین .

## باسی یەکەم/ پەیوەندییەکانی ئێرانو جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان بەر لە راپەرین:

بەردەوامبوونی جەنگی نێوان عێراق و ئێران بۆ ماوەی هەشت ساڵ، نەبووە هۆی دارمانی لایەنە بەشەرهاتووەکان و هیچ لایەکیشیان نەیانتوانی سەرکەوتنی یەکلایی کەرەوەو تەواوەتی بەدەستبهێنن، ئەمەش وایکرد کە هەردوولا بە ناچاری لە ئابی ١٩٨٨دا کۆتایی بەجەنگ بهێنن، ئەم گۆران و پێشهاتە سیاسی و سەربازییانەش دەرفەتێکی لەباریان بۆ حکومەتی عێراق رەخساند تاکو بتوانێت تەواوی هێزی سەربازی خۆی بۆ رووبەڕووبونەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەکاربهێنێت، ئەوە بوو دوای مانگێك لە وەستانی جەنگ سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکانو دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەلاتی شۆرشیان ئاودیوی ئێرانو تورکیا کرد[١]، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا چەند دەستەیەك لە هێزەکانی پێشمەرگە بەشێوەی پارتیزانی لە باشوری کوردستاندا مانەوەو لە هەلومەرجێکی زۆر سەختو دژواردا بەردەوام بوون لە خەباتی چەکداری دژی رژێمی عێراق [٢].

هاوکات لەگەڵ ئەم پێشهات و پەرەسەندنە سیاسی و سەربازیانەدا، هێزەکانی پێشمەرگەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر سنورەکان لەدیوی ئێران بنکەو بارەگایان جێگیر کرد[٣]. ئەمەش لەکاتێکدابوو، کەهیچ ولاتێکی جیهان ئامادەنەبوو پشتگیری کورد بکات و لەسەر پرسی رەوای ئەو نەتەوەیە هەڵبدەنو رژێمی عێراق لەخۆیان برەنجێنن[٤].

ئەوەش جگە لە زیانی سیاسیو سەربازیو ئابووری، لە رووی سایکۆلۆژیشەوە نائومێدی خەڵکی کوردستانی بە جەماوەرو هێزەکانی پێشمەرگەو کادرو سەرکردایەتی لایەنە سیاسیەکانیشی گرتبووەوە[٥]، بە رادەیەك لە ئەنجامی ژیانی سەختی ئاوارەییو دابەزینی ورەیان، باسیان لە پێویستی گفتوگۆ لەگەڵ رژێم دەکرد تا بۆ ولات بگەرێنەوە، لەلایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوون خۆیان بگەیەننە ولاتانی ئەوروپاو ژیانی تاراوگە هەڵبژێرن [٦].

---

[١]. حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): شۆرشی کوردستانوگۆرانکاریەکانی سەردەم "خەباتی شاخەکان یان راپەرینی شارەکان؟"چاپی سێهەم، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٤، ل٢٥٤.

[٢]. محەمەد شاکەلی: لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦-١٩٩٣ لاپەرە هەڵنەدراوەکان، چاپخانەی کاردۆ، کەرکوك، ٢٠١١، ل٢١١.

[٣]. هەمان سەرچاوە، ل٢١١.

[٤]. حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٤.

[٥].هەمان سەرچاوە، ل٢٥٤.

[٦]. محەمەد شاکەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١-٢١٢.

هاوكات لە ئێرانیش بارودۆخی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە كوردستانیو ئیسلامیو عەلمانیەوە بەرەو خراپتر دەچوو[7]، چونكە ئێرانو عێراق بەتەواوی ڕێكەوتبوون، بەنیازبوونو هێزە كوردییەكانیان ئاگاداركردبووەوە كە پێویستە بە زووترین كات لەسەر سنورەكان دووربخرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش حكومەتی ئێران پلانی بۆ ئەوە داڕشتبوو كە تەواوی ئەو هێزانە بەرەو شارەكانی ناوەوەی ئێران بگوازێتەوەو لە ئۆردوگاكاندا نیشتەجێیان بكات، كە بێگومان ئەوەش كاریگەرییەكی زۆر نەرێنی بۆسەر هێزی پێشمەرگە و ئاستی گوزەرانیان دەبوو[8].

لەلایەكی ترەوە پارتە سیاسیەكانی كوردستان لە ئێران لە هەوڵی خۆ ڕێكخستنەوەدا بوونو زیاتر گرنگیان بە پەیوەندییەكانیان دەدا لەگەڵ ئێراندا. ئەوەبوو پارتی دیموكراتی كوردستان لە ٢ی كانوونی یەكەمی ١٩٨٩دا لە مزگەوتی گوندی هاشم ئاوا لە ناوچەی مەرگەوەر بە ئامادەبوونی ٣٣٢ ئەندامو بە بەشداری نوێنەری كۆماری ئیسلامی ئێران كۆنگرەیەكی فراوانی سازدا[9]. هاوكات بزوتنەوەی ئیسلامیش لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٠دا لە گوندی دزلّی لەسەر سنوری ئێران – عێراق بە ئامادەبوونی نزیكەی ١٤٠ ئەندام كۆنگرەی خۆی بەست[10]. كە بێگومان هەموو ئەو كۆنگرەو كۆبوونەوانە ڕۆڵی سەرەكییان لە دووبارە ڕێكخستنەوەی خەباتی رزگاریخوازی گەلی كوردا گێراوە.

جێگەی باسە، لەم قۆناغەدا پارت و ڕێكخراوە كوردییەكان هەموو هەوڵێكی خۆیان بۆ ئەوە خستبووەگەڕ تاكو بتوانن پەیوەندییەكی بەهێز لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانی كۆماری ئیسلامی ئێراندا دابمەزرێنن، بۆ ئەو مەبەستەش، بەشداریكردنی بۆنەو مەراسیمە ئاینی و نەتەوەییەكانی ئەو وڵاتەو سەردانی دامودەزگاكانیان بە دەرفەت زانیوە تا لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییە ڕێكخراوەییەكانیان بەهێز بكەن.

لەو بارەیەوە زۆربەی پارتە كوردییەكان، لەسەر بانگهێشتی ئێران لە حوزەیرانی ١٩٨٩دا بەشداری لە مەراسیمی بە خاك سپاردنی ئیمام خومەینیدا دەكەن و لە تەمموزی هەمان ساڵیشدا شاندی لایەنە سیاسیە كوردییەكان بەشدارییان لە مەراسیمی چلەی ئیمام خومەینیدا كردووە، هەرچەندە یەكێك لە بەرنامەكانی مەراسیمەكە ئەوەبوو كە ڕێڕۆشتنێكی پێشمەرگەی لایەنەكان لە شەقامەكانی شاردا بكرێتو سەركردایەتی لایەنەكانیش لە پێشەوەدا بەشداربن بەڵام لایەنەكان ئەوەیان ڕەتكردەوەو پەیوەندییەكانی نێوانیان ساروی تێكەوت[11].

دواتر دەسەڵاتدارانی ئێران هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر لایەنە كوردییەكان گۆڕی و كەوتنە پیادەكردنی سیاسەتێكی نوێ كە خۆی لە پشتگیریكردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا دەبینییەوە، دەبینییەوە، لەوبارەیەوە لە میانەی دیدارێكی فەرمی پەرلەماندا، ئاغای كەروبی راشكاوانە دۆستایەتی و پشگیری خۆی بۆ پارتە ئۆپۆزسیۆنەكانی عێراق رادەگەیەنێت ودەڵێت"پشتگیریتان دەكەین، هەرچەندە فشاریش هەیە، بەڵام وەكو رابردوو دەتانپارێزین، دڵنیاتان دەكەینەوە كە سازش و ڕێكەوتن لەسەر حسابی ئێوە ناكەین، هەقی خۆتانە بەرگری بكەنو تۆڵەی ئەو هەموو زوڵمو ستەمەی لەگەلی عێراق كراوە، بسەننەوە".[12]

---

[7]. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن ): مێژووی كورد لە سەدو دوازدە ساڵدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١٠٨٩.

[8]. ئاوات قارەمانی: ڕێگا باریكەكان، چاپی دووەم، چاپخانەی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٦٠،٣٦٥ .

[9]. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن ): سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨٨.

[10]. عەلی باپیر: چەند مەلۆیەك لە خەرمانی تەمەنم (بیرەوەرییەكانم)، بەشی یەكەم ١٩٦١–١٩٩١، چاپی یەكەم، ٢٠١٤، ل٣٦٩–٣٧٠ .

[11]. محەمەد شاكەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠– ٢٢٣.

[12]. هەمان سەرچاوە، ل٢٣٩.

لە ١٩٩٠/٣/٧دا سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بۆ تاوتوێکردنی رەوشی نێودەوڵەتیو ناوچەکەو عێراقو کوردستان، لە قاسمەرەش کۆبوونەوەو چەند رۆژێك بەردەوامبوو.[١٣]

دوای نزیکەی ساڵێك لە دروستبوونی ساردی لەنێوان پارتەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردی باشوری کوردستانو کۆماری ئیسلامی ئێراندا، دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران بە سیاسەتی خۆیاندا چوونەوەو پشتگیری خۆیان بۆ خەباتی گەلی کورد دەربڕی، بۆ ئەو مەبەستە لەسەر بانگهێشتی حکومەتی ئێران لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٩٠دا، لایەنە سیاسیە کوردییەکان سەردانی تارانیان کردو دوای کۆبونەوەیان لەگەڵ یاریدەدەری یەکەمی سەرۆك کۆماری ئێران، سەردانی گۆڕی ئیمام خومەینیو پەرلەمانی ئێرانیان کردو پاشان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای سەربازی سوپای پاسداراندا کۆبوونەوە، کە تیایدا دەزگا هەستیارەکانی ئەو وڵاتە بە راشکاوی پشتگیری خۆیان بۆ خەباتی گەلی کوردو رزگار بوونی عێراق، لە رژێمی دیکتاتۆریەت دەربری.[١٤]

پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی سەرەتای نەوەدەکانی عێراق، هۆکارێکی سەرەکی بوون تاکو دەسەڵاتدارانی ئێران بەبایەخەوە لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بڕوانن، بەجۆرێك دوای ئەوەی وڵاتی کوێت لەئابی ١٩٩٠دا لە لایەن حکومەتی عێراقەوە داگیرکراو دۆخی ئاسایشی ناوچەکە بەرەو ئالۆزی و ناسەقامگیری چوو، دەرفەتێکی لە باری بۆ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق رەخساند تا پشتگیری زیاتری حکومەتی ئێران بەدەستبهێنن، بەتایبەتیش ئەو گۆڕانکاریانە کاریگەری تەواویان لەسەر هەڵوێستی ئێران دروستکردبوو، بەجۆرێك هانی دەسەڵاتدارانی ئێرانیدا کە گرنگی بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیو لایەنە کوردییەکان بدەن و لەگەڵیان کۆببنەوە[١٥]، چونکە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، بۆ هەموولایەك ئاشکرابوو کە گۆرانکارییەکی گەورە لە عێراقو ناوچەکەدا روودەدات[١٦]. ئەمەش لەکاتێکدابوو کە حکومەتی ئێران لەگەڵ عێراق رێکەوتنی سیاسی و دۆستایەتی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەویست کارتی ئۆپۆوسیۆنی عێراقیو کورد لەدەست خۆی بدەن .[١٧] ئەوەش لە ئەنجامی بێ متمانەیی بوو لەنێوان حکومەتی ئێرانو عێراقدا بوو لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئاماژەکانی دەرکەوتنی گۆرانکاری لەبارودۆخی ناوچەکەو عێراقدا دەرکەوتبوو.

هاوکات لەگەڵ گرنگی پێدانی ئێرانییەکان بە پارت و رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق، بەر لە راپەرینی ئازاری ١٩٩١ لایەنە کوردییەکانیش لەنێو خۆیاندا، بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو گۆرانکارییەی هەمووان چاوەڕێی بوونو تەنها لەسەر کاتەکەی وەستابوو، چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامداوەو هەوڵیانداوە پێشهات و پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە بۆ بەرژەوەندی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، بقۆزنەوە .[١٨]

---

[١٣]. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩١.

[١٤]. محەمەد شاکەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠٢.

[١٥]. ئاوات قارەمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٥.

[١٦]. عەلی باپیر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٣.

[١٧]. محەمەد شاکەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٤٠.

[١٨]. عەلی باپیر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧١.

## باسی دووەم/ پەیوەندییەکانی ئێران و جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لە راپەرینی ئازاری ١٩٩١دا:

دوای ئەوەی لە ١٩٩٠/٨/٢ حکومەتی عێراق دوڵەتی کوێتی داگیر کرد[١٩]، لایەنە کوردستانیەکان لە نێو خۆیاندا، بڕیاری راپەرینیان شرۆڤەو تاووتوێ کردبوو[٢٠]، هەرچەندە حکومەتی ئێران هەڵوێستی بێلایەنی لە بەرامبەر عێراقو وڵاتانی هاوپەیمانان گرتبووە بەر[٢١]، بەڵام حکومەتی ئێران، لە رێگەی پشتگیری و هاوکاری لۆجستییەوە بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق، بە شێوەیەکی پراکتیکی کاری بۆ بەرپاکردنی راپەرینێکی فراوان دەکرد لەناوخۆی عێراقدا، بۆ ئەو مەبەستە لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٠دا، کۆبوونەوەیەکیان لە شاری کرماشانی ئێران بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانیو نەوشیروان مستەفاو رەسول مامەندو محەمەدی حاجی مەحمودو محەمەد باقر ئەلحەکیم ئەنجامدراو تیایدا گفتوگۆ لەسەر دانانی پلانێك کرا بۆ بەرپاکردنی راپەرینێکی جەماوەری لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا[٢٢]، هاوکات بۆ هەمان مەبەست، لە ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١دا کۆبوونەوەیەکی تریان لە شاری مەریوانی ئێران ئەنجامداو تیایدا بڕیاریاندا هێزەکانی پێشمەرگە بڵاوبکەنەوەو پلانی هێرشکردنو رزگارکردنی ناوچەکانی باشوری کوردستانیان دارشت.[٢٣]

لەدوای هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر عێراق، رۆژ لە دوای رۆژ پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی ئێران و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی پتەوتر دەکرد ،بەجۆرێك لە ١٦ی شوباتی ١٩٩١دا، کۆبونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە بەشداری هەریەك لە مەسعود بارزانی، نەوشیروان مستەفا، رەسوڵ مامەند، مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، محەمەد باقر ئەلحەکیم و چەند کەسایەتیەك لە مەجلیسی ئەعلا ، شێخ محەمەد خالید، شێخ تالیبو شێخ ئەدهەم بارزانی لە کرماشان ئەنجامدرا، کەبریتی بوو لە دوو کۆبوونەوەی سەرەکی، لە دانیشتنی یەکەمدا ئاغای محەمەد جەعفەریو هەموو بەرپرسانی قەرارگای رەمەزان بەشداربوون، لە کۆبوونەوەکەدا بەرنامەدانرا کە مەجلیسی ئەعلای ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە خواروی عێراق و بەرەی کوردستانیو هێزەکانی دیکە لە کوردستان راپەرین بەرپا بکەنو پەلاماری دام و دەزگاکانی حکومەتی عێراقی بدەن، ئەوەشیان دووپاتکردۆتەوە کە پێویستە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، هاوکاریو هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ بەرنامەو مافێك بۆ کورد لە دوای رووخانی عێراقو چارەسەرکردنی پرسی کورد دابنرێت[٢٤].

دانیشتنی دووەم، تایبەت بوو بە بەرەی کوردستانی و تیایدا مەسعود بارزانی وەك سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەسنیشانکراو نەوشیروان مستەفاش وەك جێگر دیاری کرا ،جگە لەوەش بەرەی کوردستانی بایەخی

---

[١٩]. محمد حسن جياد : الانتفاضة الشعبانية المباركة عام ١٩٩١ ، http://www.alnoor.se/article.asp?id=١٤٩٨٧ ، تاريخ حصول على المعلومات ٢٠١٦/٢/٢١ .

٢٠. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠٨.

[٢١]. محمد حاجی محمود: رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك باسی رووداوەکانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات، ١٩٧٦–١٩٩٦، بەرگی سێیەم، ١٩٨٧–١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٦١.

[٢٢] صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦– ٢٠٠١، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١، ص٥٢٥؛ فاضل الزهاوي: حرب الخليج وانتفاضة كردستان العراق، سليمانية، ٢٠٠٤، ص٨٢.

٢٣. فاضل الزهاوي: مصدر السابق، ص٨٢.

[٢٤]. محمد حاجی محمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٥؛ محەمەد شاکەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤–٢٥٥؛ ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠٦.

پەیوەندییە دبلۆماسییەکانیان بەرز نرخاندووەو بۆ ئەو مەبەستەش مام جەلال وەك سەرۆکی پەیوەندییە دەرەکییەکان دەستنیشان کرا.[٢٥]

دوای راگرتنی شەڕ لەنێوان وڵاتانی هاوپەیمان و عێراقدا لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩١دا، راستەوخۆ راپەرین لە باشوری عێراق دەستپێدەکات، کاتێك سەربازێکی عێراقی لە شاری بەسرە لەسەر دەبابەیەکەوە تەقە لە وێنەی سەدام حسێن لەسەر بینای پارێزگای بەسرە دەکات[٢٦].

هاوکات هەر لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩١دا مەجلیسی ئەعلا لە عەممارەو ناوچە زۆنگاوەکانی باشوری عێراق بە پشتیوانی ئێران هێرشیان بۆسەر دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق دەستپێکردو بەرەو بەسرەو چەند ناوچەیەکی تریش لە پێشرەویدابوون، دوای راگرتنی شەڕیش هەر لە هەمان رۆژدا، نوێنەری عێراق و نوێنەری ئەمریکا لەژێر خێمەیەکدا لە "سەفوان" دەستیان بە دانوستاندن کرد کە ٣ کاتژمێری خایاندو عێراق بە هەموو مەرج و بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا رازی بوو[٢٧]. ئەوەش کاریگەری نەرێنی کردە سەر ورەی خەڵك و دەرفەتێکی لەباری بۆ رژێمی عێراق رەخساند، بەشێوەیەکی دڕندانە روبەرووی راپەرین و خۆپیشاندەران ببێتەوە، هەموو ئەو پێشهاتانەش لەکاتێکدا بوو کە جەماوەری راپەڕیوی عێراق بە هیچ جۆرێك پێشبینی پێشهاتێکی لەو جۆرەیان نەکردبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە چاوەڕوان بوون تا رووخانی رژێمی عێراق، وڵاتانی هاوپەیمانان لە جەنگ بەردەوام بن.[٢٨] ئەوەش بە سەرەتای گۆرینی ستراتیج و هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر عێراق دادەنرێت، کە دەستێوەردانی ئێران لە راپەرینی باشوری عێراقدا کاریگەری لەسەر ئەو هەڵوێستە هەبوو.

چونکە لەراپەرین و خۆپیشاندانەکانی باشوردا دروشمی ئیسلامی و هاوکاری سوپای پاسداران زۆر بە روونی دیاربوو، هاوکات زۆر بەخێرایی لە سەرکەوتن و پێشرەویدا بوون، ئەوەش بووە مایەی نیگەرانی و مەترسی ئەمریکاو رۆژئاواو وڵاتانی هاوپەیمانی لە ناوچەکەدا[٢٩]، چونکە هێزە لیبرال و دۆستەکانی رۆژئاوا لاوازبوون، بۆیە مەترسی دووبارەبوونەوەی ئەزموونی ئێرانیان هەبوو[٣٠]، کە شیعەکان دەسەڵات بگرنە دەست، لەبەرئەوە دەرفەتیان بە رژێمی سەدام دا راپەرینەکە سەرکوت بکات.[٣١]

پێشرەوی خێرای راپەرینی باشوری عێراق و تێکەڵ بوونی پاسدارو بەرزکردنەوەی دروشمی شیعەگەرایی و وێنەی ئیمام خومەینی، وەك شۆرش و راپەرینێکی ئێران دەردەکەت، کە ئەوەش بووە مایەی نیگەرانی وڵاتانی کەنداو بەگشتی و سعودیە بەتایبەتی[٣٢]، بۆیە عەرەبستانی سعودیە داوای لە ئەمریکا کرد رێگە بە هەستانی هەلیکۆپتەرو هاتنی سوپای عێراق بدات بۆ سەرکوتکردنی راپەرینەکەو ئەمریکاش رەزامەندی نیشاندا.[٣٣]

---

[٢٥]. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠٦.

[٢٦] فاضل الزهاوي: مصدر السابق، ص٨٤.

٢٧. محمد حاجی محمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠؛ ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠٧.

٢٨.حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): ل٢٦٩-٢٧٠.

٢٩. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠٧-١١٠٨.

٣٠. حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): ل٢٧٠.

[٣١]. رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢١٧.

٣٢. محمد حاجی محمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

٣٣. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠٨.

لەلایەکی تریشەوە دەستێوەردانی ئێران لە راپەرینی باشوری عێراق[٣٤]، بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی رۆژئاوا کاریکەن بۆ سەرکوتکردنی چونکە دامەزراندنی رژێمێکی ئایینی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا زیاتر بەرژەوەندی وڵاتانی خۆرئاوای لە کەنداودا دەخستە مەترسیەوە[٣٥]، بۆیە رێگەیاندا دوو فیرقەی سوپاو تانك و زرێپۆش هێرش بۆ سەرکوتکردنی راپەرینەکەی خواروی عێراق ئەنجام بدەن و ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی راپەڕیوەکان دەربهێنن، ئەوەبوو لە رۆژی یەکەمو دووەمی مانگی ئازارەوە بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید دەستیان بە سەرکوتکردنی ئەو راپەرینە کرد.[٣٦] کە بێگومان سەرکوتکردنی راپەرینی باشوری عێراق کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەسەر سەرکوتکردنی راپەرینی باشوری کوردستان، کە حکومەتی عێراق دەستی واڵابوو هێزەکانی لە خوارووی عێراق رەوانەی کوردستان بکات.

لەو بارەیەوە دکتۆر فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەب سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاماژە بە کاریگەری نەرێنی دەستێوەردان و پشتگیریکردنی حکومەتی ئێران دەکات لەسەر راپەڕینەکانی عێراق بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی ودەڵێت"یەکێك لەو شتانەی کاریگەری خراپی کردە سەر تێروانینی ئەمریکا لەسەر راپەرینی باشوری کوردستان، ئەوەبوو لە باشوری عێراق لەکاتی راپەرینیدا وێنەی خومەینیان بەرزدەکردەوە، وەك ئەوەی بزاڤێکی مەزهەبی سەر بەئێران بێت"[٣٧]. عێراقیش لەلای خۆیەوە راستەوخۆ ئێرانی تاوانبار کرد کە راپەرینی پارێزگاکانی عێراقدا پشتیوانی لە ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی ئێران کردووە.[٣٨]

هاوکات، هینری کیسنجەر دەڵێت: "ترسیش لە پارچەپارچەبوونی عێراق بیانوویەکی تری راگرتنی بەپەلەی جەنگ بوو، بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە شۆرشی شیعە لە باشوور (بەصرە) بەرپابوو، ئەمەش بووە هەرەشەیەکی مەترسیدارو هەوڵێك بوو بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی مەیلەو ئێران، کە لەسەر ئاستی دوور بە گەورەترین هەرەشە دادەنرا لە کەنداودا".[٣٩]

دوای گرتنی کوێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، لایەنە کوردستانیەکان خۆیان بۆ راپەڕین ئامادە کردبوو، بۆ ئەو مەبەسیتەش بەرنامەرێژیان کردبوو بەپێی نەخشەیەکی گشتی ناوچەکانی کوردستانیان بەسەر چەند میحوەرێکدا دابەشکردبوو و هێزەکانیش لە مانگی شوباتی ١٩٩١ەوە بەپێی ئەوبەرنامەیە بەرەو ناوەوەی کوردستان بەرێکەوتبوون[٤٠].

ئەوەبوو لە ١٣ی شوباتی ١٩٩١دا مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالست بریاریدا بەشێوەی مەفرەزە هێزەکانی بۆ ناوەوەی باشوری کوردستان رەوانە بکات پەیامو نامەیان بۆ رێکخستنو کەسەیاتیەکان ناردو بڵاوکراوەیان بەناو

[٣٤]. إيران في العراق ما مدى النفوذ، تقرير الشرق الاوسط رقم ( ٣٨ ) ، ٢٠٠٥ ،ص ١١.

[٣٥]. هاوڕێ قادر ڕەسوڵ: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، هۆڵەندا، ١٩٩٤، ل٤١.

٣٦. محمد حاجی محمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

[٣٧]. وەرگیراوە لە ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: راپەرینی ئازاری (١٩٩١) لەباشووری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٩٠.

[٣٨]. هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو دەوڵەتانی دراوسێ ئێرانو تورکیاو سوریا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠١٣، ل٨١.

٣٩. وەرگیراوە لە ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: راپەرینی ئازاری (١٩٩١) لەباشووری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٩٠.

٤٠. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠٨.

جەماوەردا بڵاوکردەوە[٤١]و لە ٢٤ی شوباتی ١٩٩١دا، حزبی سۆسیالیست بە بەشداری ئاغی حورمەتی سەر بە قەرارگای رەمەزان، لە شاخی سورێنەوە مەفرەزەیەك بۆ چاودێری رەوشی شارەکە رەوانەی سلێمانی دەکات[٤٢]. هەروەها هێزی پێشمەرگەی هاوبەش لە هەموو لایەنەکان لە ٢٧ی شوباتی ١٩٩١ دەستیان بە هاتنە ناوەوە لەناوچە سنورییەکانی ئێرانەوە بۆ ناوچەکانی باشوری کوردستان کردو لە ٤ی ئازاردا رێژەکەی زیادی کرد[٤٣].

تا لە رۆژی ٥ی ئازاری ١٩٩١ راپەرین بەبەشداری هەموو پارتە سیاسیە کوردییەکانو جەماوەری کوردستان لە رانیە دەستیپێکرد[٤٤]، پاشان هەموو شارو شارۆچەکانی کوردستان لە زاخۆوە تا خانەقین بە کەرکوکیشەوە لە ماوەی ١٦ رۆژدا ئازاد کران.[٤٥] بێگومان وێرای رەخساوی بارودۆخەکە لەوکاتەداو زوڵمو ستەمی رژێمی بەعسی عێراق یەکریزیو یەك هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو جەماوەری کوردستان هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی ئەو راپەرینە بوو.

لەم بارودۆخەدا دەسەڵاتدارانی عێراق، ئێرانیان تۆمەتبارکرد بەوەی هانی کوردیان داوە تاکو هێرش بکەنە سەر دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق، بۆ ئەو مەبەستەش لە رێگەی ناردنی پارەو چەك هاوکارییان کردوون، ئەمەش لەکاتێکدابوو هەموو ئەو تۆمەتانە لەلایەن ئێرانەوە بە توندی رەتکرایەوە[٤٦]، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی راپەرین لە باشوری کوردستان هەروەك باشوری عێراق، ئێران سنورەکانی بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەگشتی کردەوە کە خاکی ئێران بەکاربهێنن بۆ هاتنە ناو خاکی عێراقو هێرشکردنە سەر رژێمی عێراق، ئەمەش هەڵوێستی پشتگیریو دەستخۆشی ئێران بوو لە راپەرینێك کە دژی رژێمی سەدام حسێنی دووژمنی هەشت ساڵەی بەرپادەکرا .[٤٧]

ئێران لە کاتی راپەریندا بە چەكو تەقەمەنیو پێداوستی سەربازی هاوکاری لایەنە سیاسیەکانی دەکردو بریاریدابوو چەكو تەقەمەنی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بنێرێت، بۆ مەبەستی وەرگرتنی ئەو چەکانەش یەکێتی نیشتمانی کوردستان بریاریدا لالۆ عەبدولرەحمان لە دزڵیو ئاسۆی شێخ نوری لە پاوەو مامۆستا عەزیز لە سەردەشت بمێننەوە، ئەوەبوو لە رێکەوتی١٩٩١/٣/٧دا دوو ئۆتۆمبێلی پر لەچەكو تەقەمەنی لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە بۆ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە میحوەری هەورامان نێردرا، کە بریتی بوو لە برێك کلاشینکۆفو دۆشکەو برێکی زۆر لە فیشەكو کەلوپەلی سەربازی[٤٨]، هاوکات لە درێژەی هاوکارییە لۆجستییەکانییدا، لە ٢٤ی ئازاری ١٩٩١دا حکومەتی ئێران (١٥) لۆری ئاردو شەکرو رۆنیان بۆ بەرەی کوردستانی بۆ سلێمانی نارد، ئەوە جگە لەوەی کە ئۆتۆمبێلی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بە تابلۆی سوپای ئێرانەوە پێبوو و بەکاریان دەهێنا.[٤٩]

---

٤١. هەمان سەرچاوە، ل١١٠٥.

٤٢. محمد حاجی محمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩ .

[٤٣]. فاضل الزهاوي: مصدر السابق، ص٨٢.

٤٤. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١١٠.

[٤٥]. هەمان سەرچاوەو لاپەرە؛ عەلی باپیر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧١.

٤٦نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کورد، وەرگێرانی، عەتا قەرەداخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٠٠.

[٤٧]. هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

[٤٨]لالۆ عەبدولرەحمان پێنجوێنی: نیو سەدە تێکۆشان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢، ل٦٧٩-٦٨٠.

٤٩. محمد حاجی محمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠.

دوای ئەوەی رژێمی عێراق راپەرینی باشوری عێراقی سەرکوتکرد، دەرفەتێکی باشی بۆ رەخسابوو، تاکو تەواوی هێزەکانی خۆی رێك بخاتەوەو سوپاو گاردی کۆماری بە پاڵپشتی فرۆکەی جەنگی بەرەو کوردستان ئاڕاستە بکات[٥٠]، هەربۆیە لە ٢٧ی ئازاری ١٩٩١دا حکومەتی عێراق خۆی بۆ هێرشکردن بۆ سەر کەرکوك ئامادەکرد[٥١]. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە حکومەتی عێراقی توانیبووی راپەرین لە باشوری عێراق سەرکوت بکات، بۆیە ئاغای مەسجیدی داوا لە مەسعود بارزانی دەکات کە دەتوانن سوود لەسوپای پاسداران وەربگرن بۆ بەکارهێنانی ئەو تانك و تۆپو زرێپۆش و دژە ئاسمانیانەی کەلە کاتی پرۆسەی راپەڕیندا بەدەستیان هێنابوو، جگە لەوەش داوای بەردەوامی و خۆڕاگری پێشمەرگەی لە بارزانی کردووەو پێی راگەیاندووە کە هەرگیز رێگەنادات کەرکوك لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داگیربکرێتەوەو هەرکاتێکیش پێویستیان بە سوپای پازداران نەما، ئامادەن هێزەکانیان پاشەکشە پێ بکەن[٥٢]، بۆ ئەوەش حکومەتی ئێران پێشنیاری ناردنی (٥٠٠) کەسی پسپۆری کردبوو[٥٣]، چونکە هێزەکانی پێشمەرگە نەیاندەتوانی ئەو چەکە قورسانەی کەوتبووە دەستیان بەکاریبهێنن‌و شارەزای نەبوون[٥٤]،بەڵام بە پاساوی ئەوەی لەوکاتەدا پێویستیان بەو هاوکارییە نیە، پێشنیارو داواکەی ئێران رەتکرایەوە.[٥٥]، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە هەندێك کەس پێیان وایە، یەکێك لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی راپەرین لە سەرەتادا سوود وەرنەگرتن بوو لەو چەکە قورسانەی رژێم کە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو،چونکە ئەگەر سوودیان لێوەر بگیرایە دەتوانرا هاوکێشەی جەنگەکەی بگۆریایەو زیانێکی گەورەی بە سوپای عێراق بگەیاندایە[٥٦].

پێویستە بوترێت، کە پاش تێپەڕبوونی کەمتر لە مانگێك، سوپای عێراق لە ٢٩-٣٠ ئازاری ١٩٩١دا بە توندی دەستی بە سەرکوتکردنی راپەرین کردو خەڵکی کوردستانیش لە ترسی درندەیی رژێمی بەعس ئاوارەی سەر سنورەکانی تورکیاو ئێران بوون[٥٧]، ئەوەبوو رۆژی ٢/٤/ ١٩٩١ کۆرەو دەستی پێکردو زیاتر لە ٣ ملیۆن خەڵکی کوردستان ئاوارەی سنورەکانی تورکیاو ئێران بوون[٥٨]، کە زیاتر لە ملیۆن‌و نیوێك لە دانیشتوانی باشووری کوردستان بە ژن و منداڵ و گەج و پیرەوە، روویان لە ئێران کردو ئەو وڵاتە سنووری بە روودا کردنەوە[٥٩] و لە ئۆردوگاو شارەکانی ئێراندا نیشتەجێ کران.[٦٠]

[٥٠]. هاوڕێ قادر رەسوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢. صلاح الخرسان، مصدر السابق، ص٥٢٨.

٥١. محمد حاجی محمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢.

٥٢. هەمان سەرچاوە ، ل٢٩٠.

٥٣. فاضل الزهاوی: مصدر السابق، ص١٤٢.

٥٤. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): سەرچاوەی پێشوو، ل١١١١.

٥٥. فاضل الزهاوی: مصدر السابق، ص١٤٢.

[٥٦]. رێباز: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

٥٧. هێرش عەبدوڵلا حەمەکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

٥٨. محمد حاجی محمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦.

[٥٩]. نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥، هێرش عەبدوڵلا حەمەکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

٦٠. محەمەد شاکەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٠.

لە ٢٠–٢٨ی نیسانی ١٩٩١دا یەکەم خولی دانوستاندنی نێوان وەفدی بەرەی کوردستانی‌و دەسەڵاتدارانی بەعس لەبەغدا دەستیپێکرد، پاشان دانوستاندن بەردەوامبوو و وەفدی تر لەنێوان هەردوولادا گفتوگۆیان کرد[٦١]، کە ئەگەری رێکەوتن لەنێوان هەردوولادا لەسەر ئۆتۆنۆمی نزیك بوو[٦٢]. پرۆژەیەکی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا گەڵاڵە بوو کە تەنها واژۆکردنی مابوو، بەڵام دواجار واژۆ نەکرا[٦٣].

لە خاڵی یەکەمی ئەو پرۆژە هاوبەشەدا لەپاڵ چەند وڵاتێکی تردا، ناوی ئێران بە دوژمن هاتبوو، جگە لەوەش لەو پرۆژەیەدا هاتبوو کە هەردوولا پەیمان دەدەن بە هاوبەشی بەهەموو شێوەیەك تێدەکۆشن بۆ پارێزگاری کردن لە سەروەری‌و کەرامەتی عێراق‌و یەکێتی نیشتیمانی‌و دەستکەوتەکانی خەباتی نیشتمانی‌و شۆرشی ١٧–٣٠ تەمموز، هاوکات جەخت لەسەر بەرگرتن لە سیاسەت‌و پلان‌و ئامانجەکانی ئەو دوژمنانە دەکەنەوە[٦٤]، بەوەش بەرەی کوردستانی ناچاردەبوو هاوکاری بکەن بۆ شەرکردن‌و سەرکوتکردنی دوژمنەکانی، کە یەك لە دوژمنەکانی ئێران‌و یەکێکی تریش شیعەکانی باشور بوو، بۆیە ئێران دژی ئەو رێکەوتنە بوو[٦٥].

هەروەك لە خاڵی هەشتەمیشدا هاتبوو کە پارتی بەعس‌و بەرەی کوردستانی پشتگیری خەباتی گەلی کورد لە هەریەك لە ئێران‌و تورکیاو سوریا دەکات لەپێناو دوستەبەرکردنی دیموکراتی‌و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە رەواکانیان[٦٦]. کە بێگومان ئەوەش جێگەی رەزامەندی ئەو وڵاتانەو بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبووە.

---

[٦١]. بۆ زانیاری زیاتر بروانە نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس (١٩٩١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەمال عەلی باپیر، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٦٢. نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧–١٩٨.

[٦٣]. نەوشیروان مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨_١١٩.

٦٤. هەمان سەرچاوە، ل١٢٠.

٦٥. نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨–١٩٩.

٦٦. نەوشیروان مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

## ئە نجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. دوای کۆتایهاتنی جەنگی عێراق– ئێران نائومێدی باڵی بەسەر باشوری کوردستاندا کێشابوو و دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان هێزەکانی پێشمەرگە ئاوارەی ئێران بوون.

٢. لایەنە سیاسیەکانی باشوری کوردستان، لەئێران سەرقاڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکایان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوونو خەریکی خۆرێکخستنەوەو دانانی بارەگای هێزەکانیان بوون لەسەر سنوری عێراق– ئێران.

٣. ئێران پشتگیری لە راپەرینی ئازاری ١٩٩١ی باشوری کوردستان کردووە، بەتایبەتی بەر لە راپەرین لەگەڵ لایەنە سیاسیەکاندا لە پەیوەندیدا بوون و هانیانداون بۆ ئەنجامدانی راپەرینو لە کاتی راپەرینیشدا بە چەكو تەقەمەنیو پێداویستی هاوکاری لایەنەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردیان کردووە .

٤. دەستێوەردانی ئاشکرای ئێران لە راپەرینی باشوری عێراق، کاریگەری نەرێنی لەسەر سەرجەم رووداوەکانی ناوچەکە هەبوو ، بەتایبەتیش مەترسی ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەزموونی حکومڕانی ئێران لە عێراقدا ، هاوپەیمانەکانی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی کە رێگە بە سوپای عێراق بدەن راپەرینی باشوری عێراق دابمرکێننەوە، کە ئەمەش راستەوخۆ دەرفەتێکی لەباری بۆ سوپای عێراق رەخساند تاکو راپەرینی ئازاری ١٩٩١ی باشووری کوردستانیش سەرکوت بکەن .

٥. رێگەنەدانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بە ئێران بۆ بەکارهێنانی چەکە قورسەکان کە هێزەکانی پێشمەرگە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە بەکارهێنانیدا نەبوو، بووە هۆی ئەوەی سوپای عێراق بتوانێن بەشێوەیەکی خێراتر ناوچە ئازادکروەکانی باشوری کوردستان داگیربکاتەوە.

٦. لەکاتی کۆرەوی خەڵکی کوردستاندا کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان لە هێزەکانی رژێمی عێراق، سنورەکانی بەرووی خەڵکی کوردستاندا واڵاکردو لە ئۆردوگاو شارەکانی ئێراندا نیشتەجێ بوون.

## سەرچاوەکان:

### کتێبەکان

### یەکەم / کوردییەکان :


١. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: راپەرینی ئازاری (١٩٩١) لەباشووری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢. ئاوات قارەمانی: رێگا باریکەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣. ئەحمەد مەحمود عەلی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن): مێژووی کورد لە سەدو دوازدە ساڵدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣.

٤. حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): شۆرشی کوردستانوگۆرانکاریەکانی سەردەم "خەباتی شاخەکان یان راپەرینی شارەکان؟"چاپی سێهەم، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٤.

٥. رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١١.

٦. عەلی باپیر: چەند مەڵۆیەك لە خەرمانی تەمەنم (بیرەوەرییەکانم)، بەشی یەکەم ١٩٦١–١٩٩١، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.

٧. لالۆ عەبدولرەحمان پێنجوێنی: نیو سەدە تێکۆشان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢.
٨. محەمەد شاکەلی: لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦-١٩٩٣ لاپەرە هەڵنەدراوەکان، چاپخانەی کاردۆ، کەرکوک، ٢٠١١.
٩. محمد حاجی محمود: رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك باسی رووداوەکانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات، ١٩٧٦-١٩٩٦، بەرگی سێیەم، ١٩٨٧-١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٠. نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کورد، وەرگێرانی، عەتا قەرەداخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١١. نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس (١٩٩١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٢. هاوڕێ قادر ڕەسولێ: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، هۆڵەندا، ١٩٩٤.
١٣. هێرش عەبدوڵلا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو دەوڵەتانی دراوسێ ئێرانو تورکیاو سوریا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠١٣.

**دووەم/ عەرەبییەکان:**

١٤. صلاح الخرسان: التيارات السياسية فی كردستان العراق، قراءة فی ملفات الحركات والاحزاب الكردية فی العراق ١٩٤٦- ٢٠٠١، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١.
١٥. فاضل الزهاوی: حرب الخليج وانتفاضة كردستان العراق، سليمانية، ٢٠٠٤.
١٦. إيران في العراق ما مدى النفوذ، تقرير الشرق الاوسط رقم ( ٣٨ ) ، ٢٠٠٥ .

**سەرچاوەی ئەلکترۆنی :**

١٧ – محمد حسن جياد : الانتفاضة الشعبانية المباركة عام ١٩٩١ ،
http://www.alnoor.se/article.asp?id=١٤٩٨٧ ، تاريخ حصول على المعلومات ٢٠١٦/٢/٢١
.

## ملخص

### العلاقات بين الإيران والحركة التحررية الكوردية في جنوب كوردستان خلال إنتفاضة ئاذار ١٩٩١

لاشك أن الأحداث السياسية والعسكرية في العقد الأخير للقرن العشرين في العراق وسوء إستخدام السلطة والحكم الدكتاتوري وتفشي الظلم ، أدت بكوردستان العراق في التوجه إلى مرحلة حساسة وجديدة وكل ذلك أدت أيضا بكوردستان العراق إلى القيام بإنتفاضة شاملة في ئاذار ١٩٩١، وذلك بمساعدة الجبهة الكوردستانية ضد المؤسسات البعثية وفي أقل من شهر سيطرت الجبهة الكوردستانية على أكثر المدن والمحافظات مثل السليمانية وهەولير ودهوك وكركوك، ويعد هذا تغييرا نوعيا في الحركة التحررية الكوردية في جنوب كوردستان وفي الوقت نفسه يعد إنجازا قوميا للكورد.

والجدير بالذكر مع الأسباب الداخلية والدولية هناك دوافع إقليمية مؤثرة في الإنتفاضة العراقية العامة وإقليم كوردستان بصورة خاصة. لا سيما مشاركة الجمهورية الإسلامية الإيرانية في الإنتفاضة. وحسب المراحل المختلفة هناك أسباب إيجابية وسلبية في الوقت نفسه في الإنتفاضة.

وكل هذه الأسباب لتلك المرحلة في جنوب كوردستان تعد دافعا رئيسا في الإنتفاضة، ولذا خصصنا بحثنا هذا لموضوع ( العلاقات بين الإيران والحركة التحررية الكوردية في جنوب كوردستان في إنتفاضة ئاذار ١٩٩١)

ويتكون البحث من المقدمة وفصلين رئيسيين والنتائج. وفي الفصل الأول حاولنا الحديث عن العلاقات الموجودة بين إيران والحركة التحرري الكوردية في جنوب كوردستان ، قبل الإنتفاضة، كما أشرنا في الفصل الثاني إلى العلاقات الإيرانية والقيادة الكوردية، وفيه أكدنا على المساعدات المخصصة من قبل إيران لقوات البيشمركة .

وفي الختام قدمنا أهم النتائج التي توصلنا إليها خلال إعدادنا للبحث.

Abstract

The relations between Iran and the movement liberation Kurdish in South Kurdistan during the uprising spring ١٩٩١

There is no doubt that the political and military events in the last decade the twentieth century in Iraq and the abuse of power and rule of the dictatorial and rampant injustice Iraq Kurdistan led to go to a sensitive and a new stage and all that also led Iraq Kurdistan Iraq to carry out a comprehensive uprising in spring ١٩٩١, with the help of the Kurdistan front against the Baathist institutions and in less than a month the Kurdistan front took control of more cities and provinces such as Sulaymaniyah and Arbil, Dohuk, and Kirkuk, and this is a qualitative change in the liberation movement Kurdish in South Kurdistan and at the same time is an achievement nationally for the Kurds.

Notably, with the domestic and international reasons there are regional motives influential in the general uprising of the Iraqi and the Kurdistan Region in particular. Particularly the participation of the Islamic Republic of Iran in the uprising. According to the different stages there are both positive and negative reasons at the same time in the uprising.

All of these reasons for that stage in South Kurdistan is the prime motive in the uprising, so we have dedicated our research to the subject of this (Iranian relations and the Kurdish liberation movement in South Kurdistan in an uprising Imar ١٩٩١) .

The study consists of two chapters and presented key results. In the first quarter we tried to talk about the existing relations between Iran and the Kurdish liberation movement in South Kurdistan, before the uprising , as we pointed out in chapter II to Iranian relations and the Kurdish leadership, in which we emphasized allocated by Iran for the Peshmerga forces aid.

In conclusion, we have the most important results that we have reached our preparation during the search.